# ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بیووتایە: (سمع الله لمن حمده)؛ هیچ یەکێک لە ئێمە پشتی نەدەچەماندەوە هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی دەبرد، پاشان ئێمەش لە پاش ئەو سوجدەمان دەبرد

لە عبداللەی کوڕی یەزیدی خەتمی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بەراء بۆمی گێڕایەوە (وئەو درۆزن نییە)؛ ووتی: «ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بیووتایە: (سمع الله لمن حمده)*؛ هیچ یەکێک لە ئێمە پشتی نەدەچەماندەوە هەتاوەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی دەبرد، پاشان (ئێمەش لە پاش ئەو سوجدەمان دەبرد». *(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم هاوەڵە ڕاستگۆیە بە ناوی بەراء -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ هاوەڵان دەکرد لە کاتی نوێژدا، وتە وجووڵەکانی نوێژخوێنان لە پاش وتە وجوڵەکانی پێشنوێژ (ئیمام) دەبوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە دەیفەرموو: (سمع الله لمن حمده)*، وپاشان هاوەڵان سەریان بەرز دەکردەوە لە ڕکوع بردن ودەیانووت: (ربنا لك الحمد)**، وئەگەر بچووایە بۆ سوجدە بردن وبگەیشتایەتە سەر زەوی لە پاش ئەمە هاوەڵانیش سوجدەیان دەبرد. *(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە (حەمد وسوپاسی دەکەن)، **(ئەی پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ تۆ

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6097